## کارۆل سەقر:

# ناکرێ هونەرمەند تەنیا پشت بە شێواز و ستایلێکی تایبەت ببەستێت



کارۆل سەقر یەکێکە لە گۆرانیبێژانی لوبنانی کە ماوەیەکی زۆرە هاتووەتە نێو بواری هونەری گۆرانیی گوتنەوە و سەرەتا بە زمانی ئینگلیزی دەستی بە گۆرانیی گوتن کرد و تێیدا زۆر سەرکەوتوو بوو، هەروەها چەندین خەڵاتی جیاجیای عەرەبی و جیهانی وەرگرت، کارۆل هاوسەری هادی شەرارەی هونەرمەند و دابەشکاری مۆسیقییە، کە یەکێکە لە هونەرمەندە ناودارەکانی لوبنان و بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتن و بەردەوام بوونی کارۆل دادەنرێت، چونکە زۆر لە هونەرمەندانی دیکەش جگە لە کارۆل لە ڕێگای هادی شەرارەوە ناسراون و دەرکەوتوون و بە هەموو شێوەیەکیش هاوکاری دەکات، هەرچەندە کارۆل وەك زۆربەی هونەرمەندانی دیکە بەرهەمی زۆری نییە و جاری وا هەیە بۆ ماوەیەك دادەبڕێت، بەڵام کە گەڕایەوەش یان بەرهەمێکی نوێی پێشکەش دەکات و ئەوا هەموو لایەك گەواهی بۆ ئاست بەرزی و توانا هونەرییە لە بن نەهاتووەکانی دەدەن، لە پەیوەندییەکدا کارۆل بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

کارۆل پێیوایە ناکرێ هونەرمەند تەنیا پشت بە شێواز و ستایلێکی تایبەت ببەستێت و لەم بارەیەوە دەڵێ: بێ گومان هیچ هونەرمەندێك ناتوانێت پشت بە زمان و شێوازێکی تایبەتی گۆرانیی وتن ببەستێت و بیەوێ سەرکەوێت بەتایبەتی لە وڵاتانی عەرەبی، من سەرەتا بە شێواز و گۆرانیی رۆژئاوایی دەستم بە کاری هونەری کرد، و زۆریش حەز دەکەم تێکەڵییەك هەبێت لە نێوان ئەو شێوازانەی پێشکەشیان دەکەم بۆ ئەوەی هەموو لایەك رازی بکەم، بەڵام نابێ ئەوەمان بیر بچێت هونەرمەندان لە ئێستادا رووبەڕووی گرفتی زۆر دەبنەوە، یەکێك لەو گرفتانە کە ئێستا بە زەقی دیارە، نەبوونی کۆمپانیای هونەرییە وەکو پێویست کە هونەرمەندان پشتی پێ ببەستن و ببن بە سپۆنسەری بەرهەمەکانیان، بۆیە دەبینین زۆربەی هونەرمەندان بەشداری لە ئاهەنگەکاندا دەکەن یان کۆمپانیای هونەرییان دامەزراندووە.

کارۆل راوێژ کردن بە کەسانی شارەزا و پسپۆر لە بواری هونەری بۆ هونەرمەند بە کارێکی زۆر پێویست دەزانێت هەر ئەمەشە وای کردووە کە لە زۆربەی کارەکانیدا پشت بە هاوسەری ببەستێت کە ئەویش هونەرمەند و موزیکژەنێکی بەتوانایە لە لوبنان و لەم بارەیەوە دەڵێ: ئەوەی بۆ من مایەی خۆشحاڵییە هاوسەرم هونەرمەندە و منیش متمانەی تەواوم بە تواناکانی و شارەزایی ئەو هەیە لە گشت بوارەکانی ژیاندا، هەر بۆیەشە من هیچ کارێکم بەبێ رەزامەندی ئەو ئەنجام نادەم، بەڵام ئەویش داواکانی من رەت ناکاتەوە و ئەگەر پێویست بە راوێژ هەبێت ئەوا بە هەردووکمان هەوڵ دەدەین باشترین رێگەچارە بدۆزینەوە، هەروەها هاوسەرێکی دڵسۆزە بۆ من و بەرپرسیارێتیی بواری هونەری و ژیانی خۆشم وەکو پێویست هەڵدەگرێت، لەوەش زیاتر زۆربەی هونەرمەندانی دیکەش لە کارەکانیاندا پشتی پێ دەبەستن و راوێژی پێدەکەن .

سەبارەت بە سەرکەوتنی لوبنانییەکان لە بواری میدیا و هونەردا کارۆل دەڵێ: لوبنانییەکان سەرکەوتوون لەو کارانەی ئەنجامی دەدەن ئەوەی من بە باشی دەزانم ئەوەیە کە تەنیا لە یەك بواردا ناخولێنەوە، زۆر ئەکتەر هەیە روو لە بواری گۆرانی دەکات یان نمایشکاری جلوبەرگە، روو لە گۆرانی و نواندن دەکات ئەمەش نیشانەی توانا و بەهرەیانە هیوادارم بەردەوام بن.

کارۆل ئاماژە بۆ دیاردەی لاسایی کردنەوە دەکات و رایوایە ئاساییە ئەگەر هونەرمەند لە ئاهەنگێکدا گۆرانییەکی کۆن یان لاسایی بڵێتەوە، بەڵام کاتێك بگاتە ئاستێکی بەرزی هونەری و تەقلید نەکات بە شتێکی هەمیشەیی و ئیدی نەك تەنیا لە ئاهەنگەکان بەڵکو لە سیدی و بەرهەمەکانیش شتی لاسایی کردنەوەی تێدا هەبێت و رەنگە ئەو کات خزمەت بە هونەرێکی بیانی بکات و لە هونەری رەسەنی خۆی دوورکەوێتەوە و نەتوانێت وەکو پێویست تەقلید بکات ئەو کات زیان بە گۆرانییە راستەقینەکەش دەگەیەنێت، کارۆل هەروەها دەڵێ: ئەگەرچی ئەم دیاردەیە هەیە و بەشێك لە گۆرانیبێژان پشتی پێ دەبەستن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کاری نەکردۆتە سەر بواری هونەری و رۆژانە هونەر لە بەرەو پێشچووندایە و بەردەوام هونەرمەندی بە توانا دەردەکەون کە شایەنی رێز لێگرتن و هاندانن، جەماوەریش هەست بەمە دەکات بۆیە دەبینین هەندێك هونەرمەند بە هۆی بەهرە و توانای هونەری بەرزی خۆیان هەر زوو دەبنە خاوەن جەماوەرێکی زۆر، بێ گومان هەر جەماوەریشە سەنگی مەحەك بۆ هەر هونەرمەندێك بۆ نموونە ئەگەر هونەرمەندێك لە هەموو بوارێکەوە کەموکوڕی نەبێت، بەڵام دەنگی وەکو پێویست نییە، ئەوا هەرچییەك بکات ئەوا ناتوانێت جەماوەر بۆ خۆی پەیدا بکات، بە پێچەوانەوەش هونەرمەند هەیە بە یەك گۆرانی دەبێتە خاوەن جەماوەرێکی زۆر، من حەز لە هەموو جۆرە ستایلەکانی گۆرانیی وتن دەکەم بۆ ئەوەی دڵی زۆرترین جەماوەر رازی بکەم، ئەگەر جەماوەر لە کارەکانم رازی بێت ئەوا منیش لێیان رازیم و هەوڵ دەدەم کاری باشتر پێشکەش بکەم، کارەکانیشم زیاتر بە قەناعەتەوە دەکەم هەر گۆرانییەکی ئەگەر بزانم لە گوتنیدا سەرکەوتوو دەبم و ئاوازەکەیم بە دڵ بێت ئەوا هەوڵ دەدەم پێشکەشی بکەم.

سەبارەت بە ژیانی تایبەتی خۆیشی کارۆل دەڵێ: هیوادارم هەمیشە بتوانم کاری هونەری وا پێشکەش بە جەماوەرەکەم بکەم کە لێم رازی بێت، وبتوانم منداڵەکانم بەشێوەیەکی زۆر راست و دروست پەروەردە بکەم وخەڵك بەخۆشی و ئومێدەوە لە دواڕۆژیان بڕوانن.

هەمیشە هەوڵ دەدەم تا زۆرترین رادە خۆم ماندوو بکەم بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونانەی کە هەمە و پێویستیان بە ماندوو بوونی زۆر هەبێت، چونکە من پێموایە هونەرمەند بۆ ئەوەی سەربکەوێت هەمیشە پێویستی بە بابەتی نوێی فکری و فەلسەفی و گەڕانی زۆر هەیە، کاتێك کارێك پێشکەش دەکەم کە زۆر ماندووی کردبم و سەرکەوتنیش بەدەست بهێنم، ئەو کات زۆر دڵخۆشم، چونکە هەست دەکەم ماندوو بوونەکەم بەفیڕۆ نەچووە، وەك هەر مرۆڤێکم کەسێکی ئاساییم، رق و قینم بەرامبەر بە هیچ کەسێك نییە بەتایبەتی هونەرمەندان و هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك دەخوازم، بەپێی بارودۆخی ژیانی خۆم بەرنامە دادەنێم و هەوڵ دەدەم بە هیچ شێوەیەك شیرازەی خۆم و منداڵەکانم تێك نەچێت، چونکە منداڵ هەمیشە پێویستی بەوە هەیە دایکی لەگەڵیدا بێت بۆ ئەوەی هانی بدات وبۆیە هەوڵ دەدەم بتوانم بالانسێك لە نێوان ژیانی هونەری خۆم وەکو هونەرمەندێك و ژیانی ئاسایی دروست بکەم.

# مالیكا باس لە فیلمە نوێیەكەی دەكات



مالیكا ئوروڕا یەكێكە لە مۆدێل وئەكتەرە هیندیە سەرنجڕاكێشەكان، بەهۆی سەركەوتنی لە ڕۆڵەكانیدا و ئەو جوانییەی كە بووەتە هۆی ڕاكێشانی سەرنجی زۆربەی زۆری بەرهەمهێنەر و دەرهێنەرانی بۆلیۆد و هەمیشە ڕۆڵی سەرەكیی پێ دەسپێرن لە فیلمەكانیان تەنیا بۆ بەشداری كردنی. بەشداری كردنی مالیكا لە هەر فیلمێكدا پێشتر سەركەوتنی فیلمەكە مسۆگەر دەكات، بەڵام ماوەیەكە زۆر بە دەگمەن لە كارە سینەماییەكاندا دەبینرێت، بەم دواییە مالیكا دڵی جەماوەرەكەی خۆش كرد و ڕایگەیاند كە ئەم ساڵ جیاواز دەبێت و یەكێك دەبێت لە ساڵە خۆش و سەركەوتووەكان، ئەوەشی ڕاگەیاند كە یەكەم كاری لەم ساڵەدا بریتییە لە فیلمی (ساڵێكی نوێی خۆش) كە تێیدا بە باڵا پۆش دەردەكەوێت ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە كە پێی ناسراوە، چونكە هەمیشە لەلای جەماوەر بە نموونەی وروژاندن و سەرنجڕاكێشی ناسراوە . دەربارەی ڕۆڵە نوێیەكەی كە بەرامبەر بە شارۆخ خان دەبێت مالیكا دەڵێ: هیچ شتێكی ئەوتۆی نوێی تێدا نییە تەنیا ئەوە نەبێت كە بە باڵاپۆش دەردەكەوم، من هەمیشە بەشێك بووم لە فیلمەكانی شاشجد خان و فەرح خان، چونكە هاوڕێی منن و هەر بۆیەش منیان بۆ ئەم ڕۆڵە دەستنیشان كرد ئەگەرچی جەماوەر پێی وابێت جیاوازە لەگەڵ دەركەوتنەكانی پێشووم،هەر لە درێژەی قسەكانی و سەركەوتنی لەم ڕۆڵەدا دەڵێ: هەستم بە خۆشییەكی زۆر كرد لە كاتی وێنەگرتنی فیلمەكە، ئەگەرچی ڕۆڵەكەم وا دەخوازێت باڵاپۆش بم،( ساڵێكی نوێی خۆش) چەندین ئەستێرەی سینەمایی هیندی كۆدەكاتەوە وەك شارۆخ خان، دیبیكا بادۆكۆن، ئەبهیشك باتشان، بۆما ئیرانی و چەندانی دیكە.

# قاچی مایا لە زۆر شتی بێ بەش كرد




بڕیار بوو كچە گۆرانیبێژی لوبنانی مایا دیاب بەشداریی لە چەند چالاكییەكی جۆراوجۆری هونەریدا بكات، بەڵام لەبەر ئەوەی تووشی ڕووداوێكی هاتوچۆی مەترسیدار بۆوە زۆر لە كارەكانی خۆی دواخست، چونكە بە هۆی شكانی قاچی نەیدەتوانی هاتوچۆ بكات. لە بەرنامەیەكی تایبەت بە سەما لەگەڵ ئەستێرەكاندا، مایا داوای لێبوردنی كرد كە نەیتوانی ئامادە بێت، هەروەها خانمە هونەرمەند ئەساڵە نەسریش بانگهێشتی كردبوو بۆ ئەوەی ببێتە میوانی ئەڵقەیەكی بەرنامەی (صۆلا) كە خۆی پێشكەشی دەكات، مایا لە كاتی گەڕانەوەی لە پرسەی دایكی دەرهێنەر تۆنی قەهوەچی لە ڕێگادا تووشی ڕووداوێكی هاتوچۆ بۆوە كە بووە هۆی شكانی هەردوو قاچی و یەكسەر گەیەنرایە نەخۆشخانەی ئەمریكی لە بەیروت كە لە بارودۆخێكی سەخت و ناجێگیردابوو و هەردوو قاچی شكا و ملیشی ئازاری زۆری پێگەیشت، بۆیە پزیشكان داوایان لێكرد كە پێویستە ماوەی دوو هەفتە لە ماڵ بحەسێتەوە و هیچ چالاكییەكی هونەری ئەنجام نەدات، دوای ڕووداوەكەش وێنەگر و پەیامنێران گەیشتنە شوێنەكە بۆ گرتنی چەند وێنەیەكی مایا لەسەر عارەبانە، هەروەها هەردوو قاچی بەسترابوونەوە و كۆتێكی لە مل كردبوو، بەڵام دوای ڕووداوەكە و دوای ئەوەی چارەسەری پێویستی وەرگرت پزیشكان ڕێگایان پێیدا كە نەخۆشخانە جێ بهێڵێت.

# میرەندا تووشی پشت ئێشە بووەتەوە



دوای ئـــەوەی لە مانگی حوزەیرانـــی پاردا کچە ئەکتەر و مۆدێلی ئوســـترالی میرەندا کیـــر دووچاری ڕووداوێکی هاتوچۆ بۆوە، تا ئێســـتا میرەندا بە دەســـت ئازارەکانییەوە دەناڵێنێت وبەردەوام ســـەردانی پزیشـــکی تایبەت دەکات بۆ دڵنیابوون لە بارودۆخی تەندروستیی خۆی.

پار کاتێك شوفێرەکەی میرەندا بە سەرخۆشییەوە ئۆتۆمبیلی لێدەخـــوڕی لە لـــۆس ئەنجلـــۆس دووچـــاری ڕووداوێکی مەترســـیدار بۆوە و بووە هۆی ئەوەی کە هەردووکیان بریندار بـــن و میرەنداش ناچار بوو بۆ ماوەیەکی زۆر پاڵپشـــتێکی مل ببەســـتێت، برینەکانی میرەندا زۆر نەبوون، بەڵام ئازار و کاریگەریی ڕووداوەکە تا ئێســـتاش بەســـەر جەستەیەوە دیـــارە، هەروەها لـــەرووی دەروونیشـــەوە کاریگەرییەکی خراپی لەســـەری هەبوو. لـــە دیمانەیەکیدا بۆ گۆڤاری «People» میرەندا ڕوونیکردەوە کـــە ئازارەکانی تەواو نەبوون و وتی: هەرچەندە ماوەیەکی زۆر بەسەر ڕووداوەکەدا تێپەڕیوە، بەڵام تا ئێستاش بەردەوام ئازارێکی زۆر لە پشتم هەیە و هەست دەکەم زیانێکی زۆرم بەرکەوتبێت، بۆیە بە بەردەوام لەلایەن پزیشـــکی تایبەتەوە چارەسەری دەرزی و لێزەر وەردەگرم.



## موسلیم زارعی:

# زۆر لە گۆرانیبێژەکانی ئێران مەقامی کوردی بەکار دەهێنن

**شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە بنکەی زیندوو کردنەوەی هونەری رەسەن و هێشتنەوەی ئامێری کۆنی مۆسیقا بووە و پاراستوویەتی، موسلیم زارعی یەکێکە لە دەهۆڵ لێدەرە سەرکەوتووەکانی ئەو شارە کە بە شێوەیەکی ئەکادیمی لێی دەدات و تەنانەت لە ئۆرکیستراشدا بەکاری هێناوە، جگە لەوە خاوەن چەندین کتێبە دەربارەی دەهۆڵ و مەقامی کوردی لە هەموو بەشەکانی کوردستان، بەشداریی لە چەندین کۆنسێرتی هونەریدا کردووە لە باشووری کوردستان لەگەڵ تیپی بێسارانی، لە دیمانەیەکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە:**

**• سەبارەت بە مۆسیقای نوێ و سوننەتی چی دەڵێن؟**

- پێموایە کە مۆسیقای نوێ دەتوانێت یارمەتی مۆسیقا و هونەری فۆلکلۆری کوردی بدات، بەڵام بە مەرجێك کە بە باشی ئەم کارە بکرێت و لە رێگای ئەو مۆسیقایەی خۆمان سوودی لێ وەربگرین، جیا لە هەموو ئەمانە ئەگەر سەیری ژیان و کۆمەڵگا بکەین دەبینین هەموو شتێکی بەرەو پێش دەچێت، پێویستە مۆسیقاش بە هەمان شێوە بەرەو پێش بچێت و لە شوێنی خۆی نەمینێت، لە هەمان کاتدا ئەو فۆلکلۆرەی خۆمان کە بووەتە ناسنامە و ئێمە پێی ناسراوین لە بیر نەکرێت، بەڵکو بپارێزرێت.

**• پێتوایە مۆسیقای نوێ و مۆدێرن شوێنی مۆسیقای سوننەتی لەق نەکردووە؟**

- باس کردنی مۆسیقای نوێ لە هەر وڵاتێك و بۆ هەر نەتەوەیەك بە نەتەوەی کوردیشەوە دەمانگەیەنێتە ئەو راستییەی کە پێویستی بە یارمەتی هەیە، واتە هونەری نوێ وەك گوتم بە فۆلکلۆرەوە بەهێزتر بکرێت و بە هەمان شێوە مۆسیقای رەسەنیش سوود لە فۆلکلۆر وەربگرێت و جۆرێك لە تێکهەڵکێش هەبێت لە نێوانیاندا، ئێمە لە سنە ئۆرکێسترامان هەیە بە ناوی کوردستان، هۆرمونیك و ئۆرکێسترا کە مۆسیقای رەسەنی خۆمانە بە شێوازێکی ئۆرکیسترالی و بە ئامێرە جیهانییەکانەوە

پێشکەشی خەڵکی دەکەین و دەتوانم بڵێم ئێمە بەم شێوازە سوودێکی زۆرمان لە مۆسیقای نوێ وەرگرتووە؟

**• ئێمەی کورد وەکو پێویست توانیومانە سوود لە مۆسیقای نوێ وەربگرین؟**

- ئەوەی راستی بێت بەو شێوەیەی کە پێویستە و پێشتر هەبووە دەتوانم بڵێم نەخێر، بەڵام خەڵك حەزی لە مۆسیقای کوردییە،ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە ئێستا ئەو گرووپە هونەریانەی کە هەن و بە شێوازی پۆپ کار دەکەن زۆرتر جێگایان لە ناو خەڵکی هەیە و هەواداریان روو لە زیادبوونە، بەتایبەتی کاریگەرییەکی زیاتری لەسەر گەنجان هەیە.

**• ئایا خەڵك وەك جاران عاشقی مۆسیقای سوننەتین؟**

- ئەگەر سەیری وڵاتێکی وەکو ئێران بکەین دەبینین بەشی زۆری مۆسیقا لە دەست کوردەکاندایە، هەروەها گۆرانیبێژانی فارس بەشێکی زۆری گۆرانیی کوردی دەبەن و دەیکەن بە فارسی، تەنانەت بەشێکی زۆری مۆسیقای رەدیفی ئێرانی لە مەقاماتی کوردییەوە وەرگیراوە، بۆیە ئەگەر ئێمەش وەك جاران عەشقی مۆسیقا و گۆرانیی سوننەتی نەبین ئەوا خەڵکانی دیکە حەزیان لێیە و سوودیشی لێ وەردەگرن.

*** کەواتە دەتوانین ئەو پرسیارە بکەین، مۆسیقای ئێرانی چۆن سوودی لە مۆسیقای رەسەنی کوردی کردووە؟**

- هەر یەکیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام هیچ مۆسیقایەك بە گەورەیی مۆسیقای کوردی نییە، بەداخەوە کە لەم سەردەمە کاری جددی و راستەقینەی لەسەر نەکراوە و ئەوە ماوەی چەند ساڵێك دەبێت مامۆستایانی وەکو سەلاح رەئوف لەم بارەیەوە کاری جددی دەکەن بۆ ئەوەی بتوانین باشتر و بەشێوەیەکی زانستی مۆسیقای خۆمان بە جیهان بناسێنین.

*** کەسانێك دەڵێن مۆسیقای کوردی لە مۆسیقای ئێرانی پێشکەوتووترە ئەمە تا چەند راستە؟**

- ناتوانین بڵێین پێشکەوتووترە، بەڵام لە بارەی چالاکی و بەشداری کردنی لە فیستیڤاڵەکانەوە زۆر باشە و جێگای ئومێدە و هیوام وایە کە لە داهاتوودا ببێتە بنکەی هونەرمەندانی کورد.

*** کوردستانی عێراق بۆتە بنکەیەك بۆ کوردانی هەموو بەشەکان، لە رووی هونەرییەوە وەك پێویست پێشکەوتووە؟**

- راستە لە زۆر رووەوە هونەری کوردی پێشکەوتووە لە عێراق و هۆکارەکەشی ئەوەیە کە کەسانی شارەزا و پسپۆر کاری لەسەر دەکەن و سوودی زۆریان لەو ئامێرانە بینیوە کە لە ناو میلۆدییەکان گرنگن، من خۆم وەکو ئەرك بە نیازم ئامێری دەهۆڵ لە مەقام زیاتر بەکار بهێنم و زیندووی بکەمەوە، چونکە لەوانەیە ئەم ئامێرە تا چەند ساڵێکی دیکە لە بیر بچێتەوە یان کەسانێك نەبن گرنگی پێ بدەن وەك ئامێرەکانی دیکە.

مۆسیقای رەسەنی هەر وڵاتێك لە ناو شایی دەمینێ، ئەوەی ئێستا دەبینین کە شایی وەکو جاران نەماوە و لە جیاتی دەهۆڵ کیبۆرد هاتووە و ئەو شێوازەی نەماوە کە پێشتر ناسرا بوو، ئەمەش بۆ فۆلکلۆر زۆر خراپە و دوور نییە ئەگەر وا بەردەوام بێت،نەوەی داهاتوو ئاشنایەتییان تەنانەت بە شێوی دەهۆڵیش نەبێت.

**• کورد خاوەن مۆسیقای تایبەتیی خۆیەتی، ئایا توانیویەتی ئامێرە مۆسیقییەکانی خۆی بە زیندوویی بهێڵێتەوە؟**

- من لە بەشی خۆم کە ئامێرە ئیقاعییەکان دەگرێتەوە وەکو تونباك، دەف، دەهۆڵ، بە ئەلبووم و کۆنسێرت و وانە وتنەوە بە منداڵان وئەوانەی ئارەزوویان لە مۆسیقای کوردییە و حەز دەکەن فێری بن، تا ئەو رادەیەی کە بتوانم هەوڵ دەدەم کە ئامێرەکانی مۆسیقای کوردیی خۆمان بپارێزم و پەرەی زیاتریان پێ بدەم، خۆش بەختانە ئێستا هەواداری ئامێرە مۆسیقییەکانی دیکەش وەك سێ تار و دووتار زۆر و لەو بوارەشەوە کەسانی زۆر بە توانا و بلیمەتمان هەیە.

**• لە کوردستانی ئێران گرووپی هونەری زۆر هەن، ئایا دەتوانن کۆنسێرت ساز بکەن؟**

- ئەگەر لە بواری هونەرەوە کێشەیان نەبێت (بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە یاساکانی ئێرانەوە هەیە) هیچ کێشەیەکی دیکەیان نییە، هەر ئەمەش وای کردووە کە ژمارەیەکی زۆر گرووپی هونەری هەبێت، ئەم گرووپانە زۆر بە ئازادی کۆنسێرت و کاری خۆیان ئەنجام دەدەن، تەنیا لە شارە گەورەکان هەندێك جار گرفتیان تووش دەبێت، بەڵام ئەوەش زۆر نییە و زوو چارەسەر دەکرێت.

**• ئەی بەشێوەیەك گشتی و دوور لە تیپ و گرووپەکان، لە ئێران وەك کورد دەتوانن بە ئازادی کاری هونەری خۆتان بکەن؟**

- بێگومان وەك لە پرسیاری پێشوومدا ئاماژەم پێ کرد هونەرمەندانی کورد چ وەك تاکە کەس یان وەك گرووپ هیچ کێشەیەکیان نییە، ئەگەر لە هۆنراوەکەدا کێشە نەبێت واتە پێچەوانەی ئەوە نەبێت کە لە یاساکانی ئێراندا قەدەغە کراون.

**• بەشداریی ئافرەتان لە گروپەکانی مۆسیقای کوردیدا چۆنە؟**

- ماوەیەکە ئەم بابەتە زۆر بە باشی بەرێوە دەچێت، پێشتر هیچ کچمان نەبوو لە گرووپەکەمان، ئێستا ژمارەیەك کچ ئەندامن، بەڵام پێموایە پێویستە کچان بەشێوەیەك بەرفراوانتر بێنە نێو بواری هونەری وەك گۆرانیبێژ یان موزیکژەن، چونکە ئێمە خاوەن کچی زۆر بە توانا و بەهرەین و دەتوانن سەرکەوتووانە کاری هونەری ئەنجام بدەن و خزمەت بکەن.

**• لە چ پارچەیەکی کوردستان زیاتر هونەری کوردی پێشکەوتووە و پارێزراو بووە ؟**

- بەڕای تایبەتی خۆم لە هەموو بەشەکانی کوردستان وەکو یەك و بەگوێرەی بارودۆخەکە هەموویان بە باشی کارە هونەرییەکانیان بەڕێوە دەبەن و خزمەت بە هونەری کوردی دەکەن، بەڵام پێموایە کوردانی تورکیا تا رادەیەك باشتر بوون لەو بوارەوە.

**• ئایا میدیای کوردی بەتایبەتی لە عێراق خزمەتی هونەری کوردی کردووە؟**

- من بە باشی نازانم و زانیارییەکی زۆرم لەو بوارەوە نییە، بەڵام پێموایە کەناڵەکان هەر یەکەیان بەشێوەیەك خزمەتی هونەری کوردی کردووە، بێگومان لەو نێوەندەشدا کەناڵ هەیە زیاتر یان باشتر لەوانی تر خزمەتی کردووە، رەنگە کەناڵێك لە بواری هونەری و خزمەت کردن بە هونەرمەندان لە هەندێك کەناڵی دیکە باشتر بێت.